## ئێوە هێمان

ئەگەر زۆریش کەم و تەنیابن ،
ئێوە ئەو شوناسەن پاک بوونەوەتان چۆتە محاڵ.
بۆیە
هەرچی سێبەری هەورەکان لەسەر پەیکەرت ڕاکەن.
هەرچی گڤەی گێژەڵوکە خۆڵ بارانت کەن،
بەڵام خونچەی دەم چرۆکانت زۆرتر دەبنە مۆمی
نەکوژاوەی کۆڕی توەڕی شەقام.
ئاخر بۆیە بارانم خۆش دەوێ چونکە ئەسرینەکانم
دادەشۆرێ.
بۆیە بارانم خۆش دەوێ کەسەری جەستەم لە چاوی
ئەغیار ون دەکات.
گوڵی سەر گڵکۆکانم لەبری ئاودەدا.
ئێوە ئەی ڕۆحی زیندوو بۆ ژیان.
بۆ ئازادی
بۆ شوناس
بۆ میوانی سەرکانیە چۆڵەکان.
بۆ داگیرسانی مۆمی هەموو بەیانیەکان.
ئەو دڵۆپە بارانەن پاڵ بەوشەکە ساڵی دەنێ.
پاڵ بەتەنگانەکان دەنێ، .
ئەحمەد بەهرامی"تورجانیزادە" ٢٤/٩/١٥